# ئاسایشی خۆراکی و هەڕەشەی ئایندە

د. شیروان محەمەدئەمین



## لە کوردستاندا ٨ملیۆن دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە و، تەنیا سوود لە ٥٣٠دۆنم وەرگیراوە

**ئاسایشی خۆراکی بە کۆڵەکەی سەرەکی پێشخستنی ئابووری وپاراستن و زەمانەتکردنی دوارۆژی ئابووری هەموو گەلێک دادەنرێت، تەنانەت پەیوەندییەکی توندی بە ئاسایشی نەتەوەیی هەیە، نغرۆبوونی بازاڕەکان بە کاڵا و خواردەمەنی بیانی شاهدی بە پەراوێزگرتنی ئەمبوارەیە لەم ڕوانگەیەوە لە شاری سلێمانی چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەڕێز: (د. شیروان محەمەدئەمین) شارەزا لە بواری کشتوکاڵ کرد.**

**دیمانە/زانیار سەردار قرگەیی**

*** سەرەتا بەڕێزی پەیوەندی نێوان ئاسایشی خۆراک و ئاسایشی نەتەوەیی روونکردنەوە لەمبارەیەوە پێی وابوو:** خۆراک سەرچاوەی ژیانی مرۆڤە لەسەر زەوی، هیچ مرۆڤێک بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکانی ڕۆژانە لەبوونی تەندروستییەکی تەواودا ناتوانێت بەبێ خۆراک ژیان بگوزەرێنێت، هەر لەبەر ئەمەیە لە جیهاندا ڕۆژێک بەناوی(ڕۆژی جیهانی خۆراک) هەیە و ناوزەندکراوە... کە دەکاتە ڕۆژی ١٠ی تشرینی یەکەم وهەموو ساڵێک ڕێکخراوی خۆراک و کشتوکاڵییەکان(fao)سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و کە پتر لە(٥٠)وڵات پێکهاتووە ئەم ڕۆژە یاد دەکەنەوە.

جێگەی سەرنجە ئێستا کە(٨,٥٤)هەست سەدو پەنجاو چوار ملیون کەس لە جیهاندا بەدەست کەمی و نەبوونی خۆراکەوە دەناڵێن کە(١١)یانزە ملیۆن کەس لە وڵاتە پیشەسازییەکانە و (٨٠٠)ملیۆن کەس لە وڵاتە گەشەسەندووەکانە، بۆیە لە جیهاندا گرنگییەکی زۆر دەدرێت بە ئاسایشی خۆراک کە بەپێی زاراوە جیهانییەکان بەمشێوەیە پێناسە دەکرێت:(هەموو کەسێک لە هەموو کاتەکانی ژیانیدا مافی دەستکەوتنی خۆراکی تەواو پارێزراو تەندروستی هەیە، هەروەها پێویستە هەموو پێداویستییەکانی خۆراکی بۆ پڕ بکرێتەوە و رزگار بکرێت لە هەژاری و برسێتی بۆ کێبڕکێکردن لە ژیاندا کە پڕە لە چالاکی و تەندروستی).

دیارە ئاسایشی خۆراک بە بەشێکی گرنگی ئاسایشی نەتەوەیی دێتە ئەژماردن وە پەیوەندییەکی ئۆرگانی توندوتۆڵ بە یەکیانەوە دەبەستێت، چونکە نەبوونی ئاسایشی خۆراک لەڕوانگەی نەبوونی خۆراک یان بوونی خۆراکی ناتەندروست هۆکارێکە بۆ تێکچوونی ئاسایشی نەتەوەیی لەوانە نەخۆشی(H.I.V) ئایدز، یەکێکە لە هۆکارەکانی تووش بوون بەم نەخۆشییە و نەبوونی بەرگرییە، لەشی مرۆڤیش لە نەبوونی خۆراکەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها گەلێک نەخۆشی ئاژەڵی وەک(ئەنفلۆنزای باڵندە و ئەسکەڵەپیسە) هەرەشەیەکی مەترسیدارن بۆ تێکچوونی ئاسایشی نەتەوەیی و مرۆڤایەتی دەخەنە مەترسییەوە، هەر لەبەر ئەمەیە گەلێک وڵاتان هەوڵ دەدەن بۆ کەمکردنەوەی هاوردەکردنی پێداویستی خۆراک، هەروەها گرنگیدان بە سەقامگیری خۆراک و پشت بەستن بەخود لە زۆربەی بەرووبوومە خۆراکییەکانی ئاژەڵی و رووەکیداو، لە هاوردەکردنی بەرووبوومی خۆراکیشدا پشت دەبەستن بە پشکنینی خۆراکی ورد، بۆ نموونە وڵاتێکی وەک ئەمەریکا (٣٣٣٢)پشکنین بۆ هەر بەروبوومێکی خۆراکی دەکات بە مەرجێک تاکە وڵاتە کە هەموو بەرووبوومە خۆراکییەکانی لەناو خۆیدا بەرهەم دێنێت.

ئەوەی جێگەی سەرنجە لەگەڵ ئەوەی سەقامگیری ئاسایشی خۆراک دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی برسیەتی و هەژاری و نەخۆشی درم و بەرقەراربوونی ئاسایشی نەتەوەیی، بەڵام بەداخەوە ئێستاکە لە جیهاندا بە ملیۆنەها هاووڵاتی بەهۆی برسییەتییەوە دەمرن و زەرەر و زیانیش بە ملیارەها دۆلار دەخەملێت.

*** ئایا چی بکرێت بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی قۆناغە سەرەتاییەکانی داڕشتنەوەی سیاسەتی ئاسایشی خۆراکی؟**

-دیارە هەلومەرجی کوردستان کەشێکی لەبارە بۆ کشتوکاڵ کردن و بەخێوکردنی ئاژەڵ کە بەبڕبڕەی پشتی ئاسایشی خۆراک ئەژمار دەکرێت، کشتوکاڵیش پشت بە(دەزگا+ژێرخان+بە بایەخدان) دەبەستێت.

لە کوردستاندا نزیکەی(٨)هەشت ملیۆن دۆنم

زەوی کشتوکاڵ هەیە تەنیا (٥٣٠)دۆنم کشتوکاڵی تیدا ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا لە ٧٪ بەراوە و ٩٣٪ دێمە، کەمترین سوودمان لە فاکتەری سروشتی وەرگرتووە، هەروەها کوردستان نزیک بە ٩ملیار م$^{٣}$ ئاوی هەیە، کە لەم رووە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندترین وڵاتی جیهانە، لە کوردستاندا زیاتر لە ٩ملیارد م$^{٣}$ ئاو هەیە کە ٤٧ملیار م$^{٣}$ یە بە(سلێمانی و هەولێر و دهوک)، ئاوی شیرین هەیە گەر پلان هەبێ دەتوانرێت ٢٤کاتژمێر ئاوی خواردنەوە دابین بکرێت جگە لە دابینکردنی ئاو بۆ زەوییە کشتوکاڵیەکان.

لەگەڵ ئەم هەموو فاکتەر و سەرچاوە سروشتییەدا کە لەکورستان هەیە لە ساڵی ٢٠٠٦دا نزیک بە ١٠٠سەد ملیۆن دۆلار لەگەردنی ئابووری کشتوکاڵی کوردستان چووەتە دەرەوەی کوردستان، کە مەزەندە دەکرێت نزیک بە(٤٠)هەزار تەن پەتاتە،(٦٠٠)شەش سەد هەزار تەن تەماتە و ٤٥هەزار تەن بیبەر و خەیار و هەزاران تەن سەوزە و میوە و بەرووبوومی کێڵگەیی و گۆشت و مریشک وهێلکە وماسی..هتد لە دەرەوەی وڵات هاوردەکراوە بۆ کوردستان و شارەکانی.

بۆیە بۆ ئەوەی ببینە خاوەنی قۆناغە سەرەتاییەکانی دارشتنەوی ئاسایشی خۆراکی پێویستمان بە پلان و ئامار و داتاو زانیاری ورد هەیە، هەروەها پێویستە رووپێوییەکی زەوییە کشتوکاڵییەکان بکەین و رووبەری چاندنی بۆ کشتوکاڵ زیاد بکەن و گرفتی زەوی لە پارچە پارچە کردن و کەمکردنەوی بەرووبەر وەرگرفتی ئاو کە وەک پێویست سوودی لێوەرناگیرێ چارەسەر بکەین، جگە لەمە پێویستە لە رێگەی دامەزراوە ئەکادیمیەکان و زانکۆوە چەندین توێژینەوەی ورد لەسەر بەرووبوومی خۆراکی کشتوکاڵی بکرێت و بەتایبەت نەخۆشییە درم و قرکەرەکانی ئاژەڵ و بەرووبوومە رووەکیە کشتوکاڵییەکان.

*** ئەوەی ئەمرۆ لە کوردستان روودەدات و بازارەکان نغرۆی کاڵا و کەلوپەلی وڵاتانی دەورووبەر بووە، چی کاردانەوەیەکی سلبی لەسەر ئاسایشی خۆراکیمان دەبێت؟**

-دیارە لەغیابی نەبوونی ئاسایشی خۆراکی نەتەوەیی لە کوردستاندا بازارەکان نغرۆی کاڵا و کەلووپەلی وڵاتانی دەورووبەر بووە بەتایبەتی کاڵا و شمەکە خۆراکییەکان کە بە نزیکەی لە ٩٥٪کاڵا وشمەکە خۆراکییەکان لە وڵاتانی دراوسێوە بەتایبەت هاوردە دەکرێت و لە ٥٪ بەرووبوومی خۆماڵیە ئەمەش خۆی لەخۆیدا کاردانەوەیەکی نیگەتیڤی دەبێت لەسەر ژێرخانی ئابووری کوردستان بەتایبەت کەرتی کشتوکاڵی، لە ساڵی ٢٠٠٦دا بەهۆی هاوردنی(Imports)ی شمەکی کشتوکاڵی، مەزەندە دەکرێت لە هەفتەیەکدا نزیک بە دوومليۆن دۆلار سەرمایە بۆ سەرمایەگوزاری کەرتی کشتوکاڵ دراوسێیەکان چوونەتە دەرەوە، هەروەها بە هۆی نەبوونی یاخود لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵ و بەرووبوومە خۆراکییەکان و زیادبوونی توانای کرینی(قوة الشراء)ی هاووڵاتیان، واتە زیادبوونی خواست لەسەر شمەکە و کاڵا خۆراکییەکان بەتایبەتی ئەوانەی لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، بۆیە هۆی زیادبوونی نرخ لەسەر بەروبوومە خۆراکییەکان، ئەمەش کاردانەوەیەکی سلبی دروست کردووە لەسەر ئاسایشی خۆراک و ئابووری کوردستان.

*** هۆکارەکانی ناکامڵبوونی عەقڵییەتی ئابووریناس و سیاسەتمەداری کورد بە جێبەجێ نەکردنی لایەنی کەمی ئاسایشی خۆراکی چییە؟ لە کاتێکدا لەسەرجەم قۆناغەکانی ئەم چەند ساڵەی رابردوو ئەزموون و واقیعی ئابووری کوردستان و عێراق پێویستیمانی بۆ جێبەجێکردنی ئاسایشی خۆراکی زیاتر کردووە؟**

لە ئێستادا توانای دارایی و مرۆیی لەبارە هەروەها فاکتەری سروشتی و تواناکانی کەرتی کشتوکاڵی کوردستان زۆر فراوان و بەپیت و بەرەکەتە بۆکردنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بەتایبەت لە رێگەی کەرتی تایبەتەوە، چونکە کەرتی تایبەت کەرتێکی چالاک و ئەکتیڤە و توانای بەرهەمهێنانی بەرووبوومی خۆراکی زۆرە، بەمەش دەتوانین لەم رێگەیەوە برەو بەتوانای مرۆیی بدەین، چەندین کادیری پرۆفیشناڵ دروست بکەین و هەلی کار بۆ هاووڵاتییان بەتایبەت دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکانی دابین بکەین، چونکە بەرهەمهێنانی یەک ملیۆن تەن شیر دەتوانێت هەلی کار بۆ زیاتر لە (١٠٠)سەد هەزار کەس دابین بکات.

لێرەوە جێی خۆیەتی بڵێین کوردستان نەک دەتوانێت ئاسایشی خۆراک بۆ پتر(٥)پێنج ملیۆن دانیشتووانی خۆی مسۆگەر بکات، بەڵکو گەر بێتوو بە زانستییانە و دڵسۆزانە کار بکرێت، کوردستان توانای بەرهەمهێنانی خۆراک و بەرووبوومی کێڵگەی بۆ(٢٠)بیست ملیۆن کەس هەیە.



• لە کوردستان تەنیا لە ٥٠٪ی بەرووبوومی خۆماڵییە

• گەر بە زانستییانە و دڵسۆزانە کار بکرێت هەرێمی کوردستان توانای دابینکردنی خۆراکی بۆ ٢٠ملیۆن کەس هەیە